# قەرە یلان: گومانی جددیمان لە دۆخی ئۆج ئالانە

## [فورات نیوز]

سەرۆکی کۆنسەی بەڕێوەبەری کۆما جڤاکانی کوردستان (KCK) لە بارەی بارودۆخی تەندروستی ڕێبەری گەلی کورد عەبدوللا ئۆج ئالان پەیامی گرنگی دا بە دەوڵەتی تورک و لەسەرەتای پەیامەکەیدا باس لە دوا پەیامەکەی ڕێبەری گەلی کورد عەبدوللا ئۆج ئالان کرد کە دەڵێت" ئێرە زۆر هەستیارە و چاوپێکەوتن گونجاو نییە" و لەو بارەیەوە دەڵێت" ئێمە لەناو فکر و گمانێکی زۆر جدیداین. قەرەیلان لەبارەی پێشنیارنامەکەی ئەردۆگان بۆ بە یاساییکردنی گۆشەگیری سەر ئۆج ئالان هۆشیاری جدیی دایە دەوڵەتی تورک و وتی" دانانی ئەو یاسایە بەواتای تا کۆتا پێداگرتنە لەسەر باڵادارکردنی زیهنییەتی شەڕخوازی, با بیکەن بە یاسا, ڕووبەڕووی ئەنجامەکانیشی دەبنەوە ."

**سەرۆکی کۆنسەی بەڕێوەبەری (KCK) موراد قەرەیلان ئەو پەیامەی نرخاند کە هەفتەی ڕابردوو ڕێبەری گەلی کورد عەبدوللا ئۆج ئالان بە محەمەد ئۆج ئالانی برای دابوو .**

لە چاوپێکەوتنێکی پەیامنێری ئاژانسەکەمان ANF دا سەرۆکی کۆنسەی بەڕێوەبەری نرخاندنی جددی و گرنگی لەبارەی رەوشی ئێستاکەوە کرد, لەبارەی پرسیاری "ئێوە ئەو پەیامە چۆن لێکدەدەنەوە" دا قەرەیلان وەها وەڵامی دایەوە"ئەم هەڵوێستەی ڕێبەرایەتیمان لەم مژارەدا بەرەو ئەندێشە و گومانی زۆر جدییەوەی بردین, ئەگەر ئەم دۆخە ناهەموار و نا لەبارە نەبوایە ,ڕێبەرایەتیمان هەڵوێستێکی وەهای نیشان نەدەدا, کەواتە کەش و هەوای ئەوێ جیاوازبووە, قورستر و مەترسیدارتربووە, بۆ ئەوەش دەڵێت ) ئێرە زۆر هەستیارە, ئەنجامدانی چاوپێکەوتنم گونجاو نییە). گومانی زۆر جددیمان لەبارەی رەوشی ئیمراڵییەوە لا دروست بووە, هەڵبەت تەنیا گومان لای ئێمە دروست نەبووە, لای گەلەکەمان و کۆمەڵگاکەشمان ئەم مژارە بۆتە جێی گومانێکی زۆر جددی ."

قەریلان دەڵێت ئۆج ئالان بە شەرەفێکی گەورەوە لەبەرمبەر ئەو سووکایەتییە گەورە بەرخۆدانی دەکات و شەرەفی مرۆڤایەتی دەپارێزی و وتی: بەم هۆیەوەیە کە تا دەچێت پەنا دەبەنە بەر قورسترکردنی بارودۆخی ئیمراڵی و رێبازی نوێی ئەشکەنجە دەردەخەن, بۆیە ژیان و گۆڕانکارییەکانی ئیمراڵی بوونەتە جێگەی گومان و نیگەرانی جددی بۆ ئێمە". وتیشی "ئەگەر بەڕاستیش ویژدانێکی نێو

نەتەوەیی هەبێت و بەتایبەتی ئەگەر ئەو دەزگا و ڕێکخراوانەی وەکو CPT و دادگا مافی مرۆڤی ئەوروپا کە لە بنەڕەتدا پێویستە بەو بارودۆخانەوە پەیوەندیدار بن ویژدانیان هەبێت پێویستە بکەونە گەڕەوە .

قەرەیڵان وەها درێژەی بە وتەکانی دا: " هەوڵ و خواستی حکومەتی AKP بۆ بە ناشرینترین شێوە و بە نا ئەخلاقانەترین ڕێباز هێرشکردنە سەر ڕێبەرایەتیمان لە ئیمراڵی بەواتای شەڕە, شەڕێکی یاسا نەناسە بەرامبەر بە گەلێک, هەر کەسێک کە لایەنگری حایسییەت و شەرەفی مرۆڤ بێت, هەر کەسێک لایەنگری مافەکانی مرۆڤ بێت پێویستە لەبەرامبەر ئەم ڕێبازە ناشرین و نامرۆییانەدا بێدەنگ نەبن, ئێمە جارێکی دیکە بانگەوازی لە دەزگا و ڕێکخراوە پەیوەندیدارەکان دەکەینەوە کە ئەرکەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن, ئێمە نازانین لەوێ چی ڕوویداوە و چی هەیە, بەڵام ئەگەر کەش و هەوای سەخت و ڕەوشی جدیی نەبوایە ڕێبەرایەتیمان ئەم هەڵوێستەی وەرنەدەگرت. ئەو ڕەوشە پێویستی بە ڕوون بوونەوە و شەفافییەتە. ئێستاکە ماوەی شەش مانگی ڕابردووی ئیمراڵی بۆ گەلی کورد وەکو قووتویەکی ڕەشە, نازانرێ لەوێدا چی هەیە و چی دەکرێ, ئەمەش لەگەڵ خۆیدا ڕێگە بۆ دڵەڕاوکێ و نیگەرانی جیاجیا خۆش دەکات .

قەرە یڵان یاسای گۆشەگیرکردنی ئۆج ئالان ی هەڵسەنگاند کە چاوەڕێ دەکرێ لەم هەفتەیەدا بکەوێتە ڕۆژەڤی پەرلەمانی دەوڵەتی تورکەوە و وتی" ئەوە یاسایەکە کە لەچوارچێوەی شەڕی سەرتاسەریدا دانراوە, هەوڵ دابڕینی ڕێبەری گەلێکە لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەرەوەیدا یاخود هەوڵی خزاندنە ناو پێگەی "ئاپۆلیتیک" ناسیاسیانەوەیە, دانانی ئەو یاسایە بەواتای تا کۆتا پێداگرتنە لەسەر باڵادارکردنی زیهنییەتی شەڕخوازی ,با بیکەن بە یاسا, ڕووبەڕووی ئەنجامەکانیشی دەبنەوە, ئەوان وادەزانن بەمشێوەیە ئەنجام وەردەگرن, ئێمەش وەکو بەڕێوەبەرایەتی بزووتنەوەی ئازادی لە پێگەی بەڕێوەبردنی تێکۆشان بە دەستپێشخەری خۆیماندااین, بەتایبەتیش تێکۆشانی لەمەودوا تێکۆشانێک دەبێت کە بەتەواوی لەژێر بەرپرسیارێتی خۆماندایە. لە سەردەمێکدا کە نرخە دیموکراتی و ئازادی بەرز دەبنەوە ڕەتکردنەوەی دیالۆگ و سازش و دانانی سیاسەتی لەنێوبردنی ئێمە و سەرکوتکردنی کۆمەڵگای کورد کە زیهنیەتیAKP یە بەهیچ شێوەیەک بە ئەنجام ناگات. بە پشتبەستن بە چەند کەسێکی مارژیناڵ کە لەملا و لەولا دۆزیوێتییەوە و دەیەوێ بیانکات بە ئەڵتەرناتیف, ئەمە چەند چەوتییەکی گەورەی سووربوونە لەسەر سیاسەتی دوورپەرێزگرتنی ڕێبەرایەتیمان, هیچ شتێکیش نییە هێندەی ئەوە خەتایەکی

گەورە بێت, چونکە ئەمە سیاسەتێکە کە ئەنجامێکی ئەوتۆی ئەرێنی بۆ دەوڵەتی تورک نابێت, بۆیە ئەم سیاسەتە لە کۆتاییدا بەڕووی خاوەنەکانیاندا دەشکێتەوە و ڕێگە بۆ شکست ئاوەڵا دەکات .

هەروەها قەرەیلان دەڵێت" دەشێ ئێمە هەژار بین و وەکو AKP ییەکان خاوەنی ئامرازی پەیوەندی دەرەوە و دیبلۆماسی و ئابووری و سەربازی نەبین, بەڵام ڕێگاکەمان ڕاستە و بە حەقین لە داواکەماندا, گەلێکین بڕیارمەندبووین لە ئازادبووندا, بزاوتێکین کە بە هەزاران کادێری لەسەر ئەو بناخەیە شێوەگیر بووە و تاقیکراوەتەوە, گەر دەڵێن شەڕ ئەوا شەڕ بەردەوام دەکات, پێویست بکات ڕێبازی شەڕ دەگۆڕین و شێواز و ڕێبازی نوێی بەرخۆدانی و شەڕی نوێی بەتەواوی پشت ئەستوور بە کۆمەڵگا بەهەند وەردەگرین. چۆن لەبەرامبەر بە فاشیزمەکەی ١٢ی ئەیلول بەرخۆدانیمان کرد و لە ٩٠ ەکاندا لەبەرامبەر ئەرگەنەکۆن بەرخۆدانیمان کرد و ڕووی ڕاستینەی هەموو ئەمانەمان ئاشکراکرد و پووچەڵمان کردنەوە, بە هەمانشێوە زیهنییەتیAKP ش بێ ئەنجام و پووچەڵ دەبێتەوە, لەم ڕووەوە وەرگرتنی هەندێ تەندبیری زیانبەخش بە ئەقڵ لەلایەن AKP ەوە و وەرگرتنی بڕیاری نوێ و نەرێنی دەرحەق بە ڕێبەرایەتیمان ڕێگە بۆ خۆتەنگەتاوکردنیان و بۆ قۆناخێکی دۆڕانیان دەکاتەوە .

هەروەها قەرەیلان لە درێژەی وتەکانیدا بەبۆنە ساڵیادی دامەزراندنی کۆماری مهاباتیشەوە ئەم پەیامەیدا" ئەمڕۆ ڕۆژی دەمەزراندن و ڕاگەیاندنی کۆماری مهاباتە, کۆماری مهابات لە ٢٢ ی کانوونی دووەمی ١٩٤٦دا بە پێشەنگایەتی قازی محەمەد خاڵ و مەودایەکی گرنگی تێکۆشانی ئازادی گەلی کوردە, لە ٦٦ هەمین ساڵیادی ئەم هەنگاوە گرنگەدا سەرەتا قازی محەمەد و شەهیدانی کۆماری مهابات بەبیر دێنمەوە, هەنگاوی کۆماری مهابات لە بنەڕەتدا هەنگاوێکی نەتەوەیی دژبە پەیماننامەی لۆزانە کە بڕیاری بەهیچ لە قەڵەمدانی کوردی دا, کۆماری مهابات وەکو تاقیکردنەوەی یەکەمین هەنگاوێک بوو کە لەپێش مەیدانی نەتەوەیی و دیموکراتییەوە بوو, دەشێ ماوەیەکی کورت ژییابێ و زۆری نەخایاندبێ , بەڵام هەنگاوێکی گرنگە لە تێکۆشانی ئازادی گەلی کورد دا, بەم هۆیەشەوە وەبیرهێنانەوەی ئەم ڕۆژە کە مانایەکی گرنگی هەیە بۆ سەرجەم گەلی کورد بە ئەرکی سەرەکی دەزانین و دووپاتی دەکەمەوە کە یادەوەری شەهیدانی مهاباد هەمیشە لە تێکۆشانی ئازادی کوردستاندا دەژین .